## د. کەمالی سەید قادر پاکانە بکات یانا چی لەفڕاندنەکەی دەگۆڕڕێت؟؟ ... خاڵەحەمە

کاتێک ئێمە ئەزمونی پەنجا ساڵەی داچوون و هەڵسانەوەی شۆڕشمان هەبێت! وەهاش بە سانایی گوێ بۆقسەوقسەڵۆکی ئەم وئەو ڕاناگرین و تۆزقاڵێ لەبەهایی کێشە سەرەکیەکەش کەمناکەینەوە کەبێ سەروشوێنکردنی تاکی کوردە لەکوردستاندا،یاخود تیرۆرکردنی لەژێر ناوی (حیزبایەتیدا) و نمونەش زۆرە!!.

ئەو دیاریدەیەش زۆرلەمێژە پەیڕەو پڕۆگرامی بۆ داڕێژراوەو خەڵکی کورد ئەبێتە قوربانی تا گەنگ و گوویی دەوروپشتی (دەسەڵاتی کوردی) دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن و بە تیرێک دەیان نیشان بشکێنن، لەهەمانکاتیشدا کوردو دەسەڵاتی کوردیش بکەن بە دوژمنی یەکتری و لە سایەی ئەو ناکۆکی و ناتەباییەدا پیلانەکانی خۆیان و دوژمن پیادەبکەن.

بەڵام ئەمرۆ هەرکارێک لەو جۆرە ئەنجام بدرێت یەک و دوو ئاشکرادەبیت و پەردەلەسەر ئەو ناوچەوانەڕەشەش هەڵدەماڵرێت کە بەئەنجامی گەیاندووە، دنیای تەکنەلۆجیای ئەمڕۆ کارێکی وایکردوە کەتاکی ناوکۆمەڵگاش دەسەڵاتی هەبێت و کڵاوی نەکرێتەسەر.

لێرەدا مەبەستم ئەوەنیە کە (د. کەمال) پاڵەوانە. بەڵام توانی دەرگایەک بکاتەوە کە ئێمەی کورد بۆمان نەبوو توخنی بکەوین، (د. کەمال) لەژێری ئەوکارەی کردبێت یاخود لەکەمفامی و هەڵەوە کە من هەرگیز ناچمە ژێر ئەوبارەقورسەوە کە بڵێم مرۆڤێک هەڵگری 2 دوکتۆرا بێت (1) (دوکتۆرا لەیاسای دەستوری) و (2) (دوکتۆرا لەزانیاری سیاسیدا) و (60) باس و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری هەبێت لەسەر (یاسا) و (سیاسەت) بە زمانی (کوردی و عەرەبی و ئەڵمانی و ئینگلیزی) کەمفامەو درکی بەوکارە نەکردوە، بەڵام ئەتوانم بڵێم ئەویش قوربانییەکە و توانیویەتی دەرگای ڕەخنەگرتن لەدەسەڵاتی کوردی بخاتەسەرپشت و چیتر چاو لەکارە ژێراوژێرەکانی دەسەڵات نەپۆشرێت و کۆتایی بەگەندەڵی سیاسی و ئیداری و شۆڕشی درێژ خایەن بهێنرێت و سەرەتای خەبات بێت بۆ شۆڕشێکی نوێ. .

خاڵەحەمە/دانمارک/2005/11/23